# پەرلەمانی کوردستان بیری چوو کۆتایی بە خولی گرێدان بێنێت

پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیرەو دانیشتنەکانی ڕێکخراوە، هەروەك لە ماددەی (٧)یدا هاتووە کە: "لە ساڵێکدا دوو وەرزی گرێدانی هەیە، یەکەمیان، لە سەرەتای مانگی ئادارەوە، دەستپێدەکات، تا کۆتایی مانگی حوزەیران و بە (خولی بەهارە) ناو دەبرێت. دووەمیشیان، لە سەرەتای ئەیلولدا دەستپێدەکات، تا کۆتایی کانوونی یەکەم و بە (خولی پاییزە) ناودەبرێت".

بەم پێیە لەژێر ڕۆشنایی مادەی (٥١)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەبوو لە ماوەی ئەو خولی گرێدانەدا بەلای کەمەوە (٥٠) دانیشتنی بکردایە، بەلام پەرلەمان کەمتەرخەم بوو و تەنها (١٥) دانیشتنی ئەنجامداوە.

جگە لەمانە پاڵپشت بە حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧) و برگەی (سێیەم)ی ماددەی (١٨) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە لە کۆتایی هەر خولێکی گرێداندا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاری ڕاگەیاندنی کۆتایی خولی گرێدان بدات، جا یا لە کۆتایی دانیشتنی خولەکەدا یاخود بە بەیانێك ڕایبگەیەنێت. ئەمە هەم یەك لە ئەرك و دەسەلاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانەو هەم وەك نەریتێکیش لە هەموو خولەکانی پەرلەماندا پەیرەو کراوە. بەلام لەکۆتایی خولی گرێدانی پاییزەدا سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی خولی ڕانەگەیاند، بەمەش هەم پەیرەوی پێشێل کرد و هەم ئەو نەریتەیشی شکاند کە هەبوو. ئەمە لەکاتێکدا هەمان ڕۆژی کۆتایی خول سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی دوو پەیامی پیرۆزباییان بۆ بابەتی لاوەکیی تر بەفەرمی بلاوکردۆتەوە، بەلام لە ئەرکە فەرمییەکەی خۆیاندا کەمتەرخەم بوون.

لێرەدا ئاماری کار و چالاکییەکانی پەرلەمان لەهەردوو خولی گرێدانی (بەهارەو پاییزە)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەخەینە ڕوو:

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | کۆی ئەو دانیشتنانەی ئەنجامی داون | 15 دانیستن |
| ٢ | کۆی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ماوەی ساڵێکدا | 130 کاتژمێر |
| ٣ | کۆی ئەو یاسایانەی دەریکردوون | 12 یاسا |
| ٤ | کۆی ئەو بڕیارانەی دەریکردوون | 0 |
| ٥ | کۆی ئەو پرۆژەو پێشنیازە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردوون | 13 پرۆژە |
| ٦ | کۆی ئەو بیرۆکانەی لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش کراون | 0 |
| ٧ | کۆی ئەو پرسیارانەی لەلایەن ئەندامانەوە ئاراستەی حکومەت کراون | نازانرێ |
| ٨ | کۆی ئەو لێپرسینەوانەی پەرلەمان لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە | 0 |
| ٩ | پەسەندکردنی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان | 0 |
| ١٠ | خستنەڕووی ئەژماری کۆتایی بودجە و بەیانی دارایی | 0 |
| ١١ | کۆی ئەو پەیام و بەیاننامانەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بلاوکراونەتەوە، کە بریتین لە (٤٨) پیرۆزبایی، (٢٤) پرسەنامە و هاوخەمی، (١١) هاوخەمی، (٦) ئیدانە، (١) سوپاسنامە. | 79 پەیام |

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە وگەسەپێدان
٢٠٢٣/١/٢